# دیکتاتۆرەکان .. دڕندەکان .. لە ئاوێنە دەترسێن !



**کامەران عەزیز**
Kamaran91@gmail.com

## بەشی یەکەم :

**ئاوێنە کامێرایەکی ڕاستگۆیە و بێ مونتاجکردن وێنەی ڕوداوەکان پیشان دەدات ..! ئاوێنە هەموو شتێکی بەرجەستە و بینراو تەنانەت سێبەر و ڕەنگەکانیش بە بێ گۆڕان وەک خۆی دەداتەوە ..! ئاوێنە دەتوانێ وێنەی دەنگی ڕوداوەکان پێچەوانە بکاتەوە و جارێکی دی بیکاتەوە بە دەنگ .. بەڵام دەنگێ کە جیاواز و دژ بە ئاراستەی دەنگی پێشو بێت ..!**

**هەموو مرۆکان ناتوانن وەک یەک و بە هەمان بڕوا بون لە بەرامبەر ئاوێنەدا خۆیان ڕابگرن ! بە تایبەت ئەو مڕۆڤانەی کە گومانیان لە خۆیان هەیە و هەست بە ناشیرینی چەند ڕوویی و درۆزنی کەسایەتی خۆیان دەکەن ، هەست بە دژ بونی ویژدانی مرۆیی دەکەن لە کەسیەتی خۆیاندا .. ! چونکە ئاوێنە راستگۆترین وەڵام و کاردانەوەی پێیە ، کە بە هیچ دەستەڵاتێک ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و درۆی پێ بکرێت ..! وە بە داخراوترین کولتور شەرمن ناکرێت ..! وە بە پەیامی هیچ ئاینێک تەڵخ و تاریک ناکرێت ..! بە خەیاڵی هیچ ئایدۆلۆژیایەک ڕەنگ ناکرێت..! وە بە هیچ یاساو شەرعێک وێنەکانی بەند ناکرێت ..! وە بە وەرگرتن و کاردانەوەی وێنەی دڕندەترین دیکتاتۆر نالەرێت و نالەرزێت ..!**

**ئاوێنە لە پیشاندانی هیچ جیاوازیەکیش شەرم ناکات و ناتوانێت جیاوازی لە نێوان سروشتی و دەستکردا نەکات و هەریەک وەک خۆیان پیشانیان نەداتەوە!.**

وه ئاوێنه ناتوانێت درۆ و مەرایی بکات و به درۆ ناشیرینی و پیسی و بێ میهری به جوانی و پاکی و میهرەبانی ، به پێچەوانەی یەکتر پیشان بدات ..!
ئاوێنه ناتوانێت به درۆ ستایشی سەرۆکه دیکتاتۆر و لوت بەرزەکان بکات و وێنەکانیان له سەر ڕوو و سنگی خۆی به بەرزی وجوانی ڕابگرێت ..! ناتوانێت وێنەی چاوی سورو دەست به خەنجەر و باڵای وەحشیەتیان بشارێتەوه ! وه ناتوانێت له ساتی پیری دەسەڵاتیاندا به ناشیرنی و قێزەونی پیشانیان نەدا!
گەر کەمێک ڕۆچین و بەراوردێک له نێوان ڕابەر و سەرۆکه دیکتاتۆرەکان و گیانەوەره دڕندەکان بکەین ، دەبینین لێکچونێک له نێوانیاندا هەیه ..! ئەویش ڕەنگ و ڕووی ترسناکیانه !
بۆیه گیانەوەره دڕندەکانیش له کێو و جەنگەڵەکاندا کاتێک وێنەی خۆیان لەسەرابی ئاوی کەنار ڕوبار و گۆماوەکان دەبینن به هەمان شێوەی دیکتاتۆرەکان بەبینینی وێنەکانیان ڕادەچڵەکێن و بەشەڕ دێن ..!
چونکه له دڕندەیی و کەڵبەی درێژی خۆیان دەترسێن و بڕوا به وێنەی دڕندەیی خۆیان ناکەن .. !
بەڵام مرۆ میهرەبان و به سۆزەکان له بەر ئاوێنەدا زیاتر خەندە دەیانگرێ و پێ دەکەنن ، وه لەبەر ئاوێنەدا زیاتر هەست به جوانی خۆیان دەکەن ، وه له بەر ئاوێنەدا بۆ خۆیان دەلەنگێن و سەما دەکەن . وه مرۆ .. بەریئەکان .. ئازادیخوازەکان .. ژیان دۆستەکان ، به پێچەوانەی دیکتاتۆرەکانەوه له هەردوو باری خۆشی و ناخۆشی .. هیوا و بێ هیوایدا شەیدای ئاوێنەن و ناتوانن بۆ تەنها ساتێک بەبێ بونی ئاوێنه بژین ! چونکه ئەوان دەیانەوێت بەردەوام ژیانیان ببینن ..جەستەیان ببینن .. جونکه ئەو کات هەست به ژیان کردن دەکەن هەست به نوێ بونەوه دەکەن .. هەست به هەستانەوه دەکەن ،وه له بینینی بچوکترین نەگۆڕان و وەستاویاندا هەست به بێزاری و تووڕەیی دەکەن ..!
سەیرنی‌یه گێرانەوەی چیرۆک و سەرگوزشتەی پێشمەرگەکان ،زیندانەکان، بریندار و نەخۆشەکان بێ ئاوێنه نی‌یه ..! وەک هەناسه و نان و دەرمان و هێز و ئازادی ، باسی بونی ئاوێنه دەکەن و دەڵێن به دوای ئاوێنەدا زۆر ماندوو بوون ، وێڵ بوون ، چوون و گەڕاون تا پارچەیەکیان وه دەست کەوتوه ، چونکه ئاوێنه دڵنیایی و ئومێد و بەرگری و مانەوه به ژیانی مرۆڤ دەبەخشێت .. !
گەر مرۆکان بونی خۆیان و ئاستی ژیانی یەکدیان له سایەی دەسەڵاتەکاندا به بێ گەردی و ڕوونی وەک ئاوێنه نەدیبایه ،ئەوا هیچ شۆڕش وهەڵـمەت و گۆڕانکاری و پێشکەوتنێک ڕووی نەدەدا ..!

کەواته دیکتاتۆرەکان بۆ ئەوەی ڕێگای حەقیقەت ون بکەن ، بۆئەوەی زهنی ئاگایی ون بکەن ، دەبێت هەمیشه له گەڵ ڕاستگۆیی ئاوێنەدا شەڕبکەن دەبێت زریان و تۆفان هەڵکەن بۆ ئەوەی بتوانن ئاوێنه تەماوی بکەن ! دەبێت تەپ و تۆز و ڕەشه با هەڵکەن تا ڕووی ئاوێنه تۆزاوی بکەن ! دەبێت جەنگ و ئاگر و دوکەڵ هەڵگرسێنن تا ژیانی ئاوێنەیی پێ لێڵ بکەن ! دەبێت کەلەبچه دروست بکەن تا مرۆڤه ئاوێنەیی‌یەکانی پێ بەند بکەن ! دەبێت یاساوڵ و جەلاد .. زیندان دروست بکەن تا ڕۆژنامه و ئامێره ئاوێنەیی‌یەکانی پێ سانسۆر بکەن ! بۆ ئەوەی دەنگی تەواوکراوی وێنه ئاوێنەیی‌یەکانی پێ کپ بکەن ..!

19.09.2007